www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:14 28-5-2006

# ئایا ژنان نیوەی کۆمەڵن و دایکی نیوەیەکەی تریشن یان.... ؟؟!! زاگرۆس ئەحمەد

zagros. ahmad@yahoo. com

ئەوەی ڕاستی بێت هیچ کاتێك نەمویستووە لەسەر مەسەلەی ژنان هیچ بڵێم ئەوەش لەبەر ئەوەی ماشاالله خۆیان ئەوەندە زۆرن لە ناو کۆمەڵگادا بە شێوەی ڕێکخراوەیی حکومی و ناحکومی و حزبی ناحزبی و هتد.... هەموویان داکۆکی لە مافەکانی ژنان دەکەن و هەوڵی ئەوەیان داوە کە بە هەر شێوەیەك بێت بێنەوە بۆ ڕیزی پیاوان!! کە ئەمەش شتێکی ئاساییە ئەگەر هۆکارەکان بهێڵن، ئەوەتا لە دامەزراندنەوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی یەکگرتووی کوردستاندا خوا نەی بڕێت 42 وەزیرمان هەیە و تەنها 3 دانە لەوانە ژنن!!؟؟ کە ئەمە خۆی لە خۆیدا شتێکی نەك سەیر و سەمەرەیە بەڵکو ژنان خۆشیان سەریان سوڕماوە!! کە بۆ تەنها 3 کەس؟؟!! تۆ بڵێی تا ئێستا ئەو هەموو ژنەی پلەی وەزیریان بڕیوە لە حکومەتی دوو ئیدارەیدا توانا و لێهاتویان نەبێت؟؟ یان متمانەی تەواویان نیە لای پیاوان؟؟!! چونکە هەر لەسەرەتاوە من پێم وایە حزبە (ئیسلامیەکان) بە تایبەت مافی ژنانیان دابێت زیاتر: چونکە ئەوەتا یەکگرتووی ئیسلامی کە دوای ڕاپەڕین دروست بووە لە ئەندامانی سەرکردایەتیدا ژنان هەیە، هەروەها بەم دوایەش لە ناو کۆمەڵی ئیسلامیدا ژنێك بووە ئەندامی سەرکردایەتی!! من وەکو خۆم ناڵێم لایەنگری ئیسلامیەکانم بەڵکو خۆی لە خۆیدا دیارە کە ئەوان باشتر بوون، هەروەها ئەگەر بۆ نمونە یەکگرتووی ئیسلامی لە جیاتی 2 وەزیر زیاتریان بدایەتێ ئەوا یەکسەر بێ سێ و دوو یەکێکیان ژن دەبوو، وە لیستی کلدانەکان یەك وەزیریان هەبوو دایان بە (د. جنان قاسم) ، بەڵام یەکێتی نیشتمانی ناڵێم حزبێکی پێشکەوتوو نیە بەڵام نازانم دوای 31 ساڵ دامەزراندن و بەستنی دوو کۆنگرە بۆچی تائێستا ئەندام سەرکردایەتیەکیان ژن نەبووە؟؟!! کە خۆیان لە پێش هەموو کەس بە داکۆکی کار لە مافی ژنان دەزانن و نەك ڕێکخراوێك بەڵکو چەند ڕێکخراوێکی ژنانیان هەیە، وە لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە زۆرێك لەو ژنانە نەك سەرکردایەتی بەڵکو بۆ مەکتەبی سیاسیش دەشێن!! هیچ قسەیەك نیە لەسەر لێنەهاتویان؟؟ بەڵکو ئەمە نهێنیەکە و نازانین چیە؟؟ چونکە ئەگەر ئەڵێن مافی ژنان و ئافرەتان ئەدەین، کوا مافەکانیان؟؟ وە نەبێت لیستی پارتی دیموکراتیش لەوان باشتر بن چونکە ئەوانیش تائێستا نەبینراوە ئافرەتێك ئەندامی سەرکردایەتی بێت؟؟ کە خۆی لە خۆیدا لۆمەی حزبە ئیسلامیەکان دەکرێت کە دواکەوتون و کۆنە پەرستن و شتی لەم بابەتانە!!.

وە بۆ ئەو بەزمەی کە لە دوای ئاشکراکردنی 42 وەزیرەکە، ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەفتەیەکیان پێکهێنا بە ناوی (هەفتەی هەڵوێست) بۆ هەڵوێست وەرگرتنی سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام داخەکەم سەرۆکی پەرلەمانیش بەم شێوازە وەڵامی دانەوە: ((کە ئەوە پەیوەندی بە حزبەکان خۆیانەوە هەیە نەك پەرلەمان؟؟!!)) بە خوا ڕاستی ووتووە چونکە ئەوە لە بناغەوە پەیوەندی بە حزبەکانەوە هەبوو نەك پەرلەمانی داماوو!! ڕۆژی ئاشکراکردن و ناساندنیان پەرلەمان بەس پیرۆزبای و ناو خوێندنەوەی لەسەر بوو!! ئیتر نازانم لەمەو دوا ژنان و ئافرەتان هەڵوێستیان چی دەبێت؟؟ چونکە تائێستا پێیان ووت بوون (ژنان نیوەی کۆمەڵن و دایکی نیوەکەی تریشن) ئەگەر وابێت نەك دایکی نیوەکەی تریش نین بەڵکو خۆ دەبوایە لە 42 وەزیر هەرنەبێ نەبێ با نیوەی نا بەڵکو هەر هیچ نەبێت با 10 وەزیری ژن هەبوایە ئەوسا هیچ نەبێت ئەمان ووت دایکی نیوەکەی ترن؟؟!! بەڵام بەخوا ئاوا بڕوات و وەکو ڕۆشتوشە حزبەکان وایان بیر نەکردۆتەوە چونکە هیچ نەبێت ئەو پەندەیان جێبەجێش نەکردایە 4/1 یشیان بکردایە لە هیچ باشتر بوو. بەڵام وابزانم بۆیە ئەوەیان نەکرد چونکە ((ئەوان ئاوا بیریان لەو پەندە کردەوە بەم شێوەیە: ژنان نیوەی کۆمەڵن و سەریان لە نیوەکەی تریش شێواندەوە!!؟؟)) بۆیە واباشە ئەوەندە وەزیری ژنمان نەبێت سەرمان

لێبشێوێنن؟؟!! ئیتر دەبێت جارێکی تر ژنانی حزبەکان بیرێك لەو هەموو ماندوو بوون و هیلاکیانە بکەنەوە کە بەسەریان هاتووە و ئیتر بە قسەی باق و بریق و بەڵێنەکان بڕوا نەکەن، وە ئەگەر نا تازە بۆ کابینەی شەشەم ئەگەر عومر باقی بێت هەموو ڕێکخراوەکانی (ژنان وئافرەتان و خوشکان و... هتد) هیچ نەبێت لە هەوڵی دامەزراندنی وەزارەتی کاروباری ژنان دا بن بۆ داهاتوو ئەگەر ڕێگەیان دان ئیتر سەرکەوتوو بن و باشتر و چاکتر بیرتان بخەنەوە گەڕ!!!؟؟؟.